جادووگەرێک لە سلەمانی دەستگیرکرا



لە لایەن مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی عەربەتەوە تەمەتبارێک دەستگیرکرا کە کاری سیحرو جادووی دەکرد.

پۆلیسی سلەمانی ئەمە سشەممە ڕایگەیاندووە، دوای ئاوێی زانیاری گەیشتە دەست هێزەکانی پۆلیس کەوا کەسێک کاری سیحر و جادوو دەکات، هێزەکانی پۆلیس لەکەینەوە بەدواداچوونەکانیان دەستپێکرد و دوای وەرگرتنی بڕیاری بەڕێز دادوەر توانرا لە لایەن بنکەی پۆلیسی عەربەتەوە تەمەتبار بدەزرێتەوە دەستگیربکرێت.

لە ئێستادا تەمەتبار (ت، أ، ح لەدایکبووی 1982ی دایشتووی کامپی باریکە) بەبڕیاری دادوەرو بڕیی مادەی 240 لەیاسای سزادانی عێراقی ڕاگیراوەو لەکاتی دەستگیرکردنیشیدا دەستگیرا بەسەر ژمارەیەک کتێب و چەند کەلوپەلێکی دیکەدا کە بە سیحر و جادووکردن بەکاری هێناوە.